
سیامەند شاسواری

# کوردی خێرا






# کوردی

نووسینی: سیامەند شاسواری

ئەوەی لێـرەدا ئەوترێ، مەبەسـتی لە کەمکردنـەوەی نرخـی کاری بێوچانـی ئـەو دڵسـۆزانە نییە کە لە بـواری تەختەکلیل و فۆنت و بەگشتی بو خزمەتکردنی کورد لە بواری کەمپیوتـەر و تکنۆلـۆژیدا کار ئەکەن. دیارە هــەرکام لەو گەنجە دڵگەرمانە ــ هەرچەند ئەوا وردە سـەر سپیشی تێکەوتووە ــ مەبەسـتیان بووە و مەبەسـتیانە، ئەوەیە یارمەتی نەتەوە و مرۆڤی کورد بدەن بۆ ئەوەی پـێ هەڵگـرێ و هەنگاو بنێ بـەرەو ژیانێکی بەختـەوەر و بێنیاز لە داگیرکـەر و بێگانە. بێنیـازی بـەو واتایە کە خۆمـان و بە بریاری خۆمـان و لـە بەرژەوەندی خۆمان زانسـت و تەکنۆلۆژی بەکار بهێنین. چ جایــە من پێـم وایە بە هـۆی فیتـی داگیرکەران و کەمتەرخەمـی خۆمـان و گوێنەدانی بەرپرسانمانەوە نـەک هـەر لــە قۆناغــی گاوڵکێشدا نیین، بەڵکوو لەســەر ســکیش بــەزۆر خۆمان ئەخشـێنن. بەڵام کـە سـەیر ئەکەیـن مرۆڤایەتی لـە چەند دەساڵێکی کەمدا بە ئەندازەی چەند دەهەزار

سـاڵ پێـش کەوتـووە، بـازی داوە و قۆناغی تێپەڕاندووە. ئێمەش بەشێکین لەو جیهانە و بۆمـان هەیە لە سکەخشـکێوە بکەوینە پێهەڵگرتـن. بۆیـەش هەموو جارێـک و لە هەموو شوێنێک ئەڵێین و ئەیلێینەوە مافی خۆمانە، چونکە بڕوامان بەوە نییە کە مافی خۆمانـە. ئەگـەر شـتێک بە مـاف بزانین و بڕوامان پێـی هەبێ ئەیکـەن و قوتار! کەس هەیـە بۆ خەڵکی روون بکاتــەوە نانخواردن و شـووکردن و ژنهێنان و لە چاخانە دانیشـتن و هەزار شتیتر مافی خۆیەتی؟ نەخێر! بڕوای پێیەتی و لە مێشکی چەسپیوە، ئەشیکات و بەکەسـیش ناڵێ و هەموو رۆژێکیش چوار




کاژێر لە چاخانە دائەنیشـێ. مەبەستیشم ئەوە نییە ئەم گزگلە پێشـنیارەی من پێمان




پێ هەڵئەگرێ و ئەمانخاتە سەر شارێی پێشکەوتن! نەخێر! بەڵام ئەگەر لێی ورد ببینەوە بۆمان دەرئەکەوێ روانگەیەکی ئایدیۆلۆژیک و ستراتژیکی هەیە. هەر نەبێ مشتومڕێک ئەوروژێنێ.

لەناو ئەو کوردانەی بە ئەلفێی ئارامی ئەنووسن و دیارە بە کەمپیوتەر ئەنووسن دوو تەختەکلیل زۆر باوە و جێی خۆی کردۆتەوە. یەکیان تەختەکلیل عەلیە. ئەم تەختەکلیل لەسەر بناغەی دزاین و پۆلێنی تەختەکلیلی عەرەبی دانراوە.

ئەو تەختە کلیلە یان با بڵێین یەکەم تایپ رایتەری عەرەبی ساڵی ١٩١٤ لەلایەن دوو میسری بەناوی فیلیپ واقد و سالم حەدادەوە Layout یان نەخشەی کلیلی بۆ دانراوە.

سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستیش کومپانیای هێرمز Hermez یەکەم تایپ رایتەری فارسی بۆ فارسەکان درووست کردووە لەسەر بناغەی هەمان تایپە عەرەبیەکە، بە زیادکردنی پیتە فارسیەکان.

بۆ تایپ رایتەری کوردیش، پێویست بە گوتن ناکات کە هەرچەند بەداخەوە هەرگیز لە دایک نەبوو؛ بەڵام وەنەبێ هەوڵی بۆ نەدرابێت. ساڵی ١٩٧٩ پاش شکاندنی زیندانی شا و هاتنەدەرەوە لە زیندان لە ماوەی دوو مانگی یەکەمدا، یەکەم کاری کۆمەڵێک لەو گەنجانەی خولیای پەڕە و پەڕاو و پەرتووکی کوردی بوون، دامەزراندنی "بنکەی بووژانەوەی فەرهەنگی کورد" بوو. دەسبەجێ بە فرۆشتنی پشکی بنکەی بووژانەوە، کە ئەویش داهێنانێک بوو. بۆ باربو وەرگرتن لەوانەی پێیان خۆش بوو و بۆ پارە وەرگرتنی زۆرەملێ لەوانەی پێیان خۆش نەبوو. نزیکەی ٣ ملیۆن تمەن کۆکرایەوە، کە رەنگە لە ملوۆنێک دۆلاری ئێستە زیاتر بوو، ئەو گەنجانەی من یەکیان بووم گەورەترین چاپخانەمان هێنایە شاری سەقز و کەوتینە کارکردن. لەو سەردەمەدا IBM لە بواری تایپ رایتەردا زۆر پێشکەوتوو بوو و دوو جۆر تایپ رایتەری کارەبایی زۆر نایابی هەبوو بەناوی سلێکتریک و کەمپۆزر. یەکەمیان هەرچەند زۆر خێرا و بەتوانا بوو بەڵام نەی ئەتوانی کۆتایی دێڕەکان رێک بخات و تایپیست ئەبوایە خۆی ئاگای لێبێ و وشەی کۆتایی دێڕەکانی کورت و درێژ بکات. دیارە بۆ نووسینی کوردی حەوتەکانمان بە "رۆترینگ" یان "راپید» دائەنا و هەڵەکانیشمان بە لاکی سپی ئەکوژانە و لەسەری ئەماننووسیەوە یان هەڵەکانمان لەسەر پەڕەیەک ئەنووسی

| | |
|---|---|
| 1343 | اولین ماشین حساب الکترونیکی (Sharp) |
| 1352 | اولین دستگاه های اسکناس شمار بانکی (De La Rue) |
| 1353 | اولین ماشینهای تحویلداری بانکی (Sharp) |
| 1354 | اولین ماشین حساب های علمی (Sharp) |
| 1355 | اولین ماشین تحریرهای فارسی (Hermes) |
| 1363 | اولین کامپیوترهای خانگی (Commodore 64) |
| 1364 | اولین دستگاه های فاکس (Sharp) |
| 1364 | اولین کامپیوترهای (OEM Unitec) |
| 1368 | اولین لپ تاپ (Sharp) |
| 1370 | اولین پروژکتورهای (LCD Sharp) |
| 1372 | آغاز تولید اولین مانیتورهای CRT در ایران (LG) |
| 1373 | مونتاژ اولین چاپگر در ایران (Olivetti و Epson) |

١٩٧٦ یەکەم تایپ رایتەری فارسی

و بەپچووکی ئەمانبڕی و ئەمانلکاند بە سەر لاپەڕەکەدا. ئەوەش بڵێم کە تایپەکە بەپێی ئەوەی بە کاسێتیی لێتراست کاری ئەکرد توانای کوژانەوەی لە کاتی تایپکردندا هەبوو، بەڵام کوا تایپیست لەکاتی تایپکردندا هەست بە هەموو هەڵەکان ئەکا. بەتایبەت چ ئەوکاتەی شارەکانی رۆژهەڵات و، چ پاشتریش لە شاخ، لەمدیو و لەودیو، تایپیست لەبن زرمەی تۆپ و گرمەی راکێت و نەڕەی فڕۆکەی جەنگیدا تایپی ئەکرد.

ئەویدی واتە تایپ رایتەری کەمپۆزەر، نرخەکەی ڕەنگە سێ چوارجار گرانتر بوو بەڵام بە کاغەزی رۆڵە کاری ئەکرد و (کەشیدە)ی ئەزانی و ئەیتوانی خۆی کۆتایی دێڕەکان رێک بخات و لە هەموو گرنگتر ئەوە بوو وەک ئێستە ئەوتریێ (مێمۆری) هەبوو و ئەیتوانی دەقێکی ١٠٠ لاپەڕەیی لەلای خۆی تۆمار بکات تا کۆتایی پڕۆسەکە. یان باشترە بڵێین ئەیتوانی لە لای خۆی رایبگرێ، لەسەر ئەو مێمۆرییەی لەبەردەستیدا بوو، شتێکی وەکوو RAM. چونکە لەگەڵ کوژانەوە لەبیری ئەچوویەوە. میکانیزمەکە بەو شێوەیە بوو کە وتارێکی با بڵێین ٣٠ لاپەڕەیی تایپت ئەکرا و هەر ٣٠ لاپەڕەکە لەسەر کاغەزی رۆڵە و بەدرێژی وکوو تۆمار ئەنووسرا؛ بەڵام وتارەکە بە تۆمارکراوی لە مێشکی تایپ رایتەرەکەدا ئەمایەوە. هەڵەچن هەڵەکانی وتاری تایپکراوی هەر لەسەر تایپەکە بەبێ ئەوەی لە تایپەکەی دەر بهێنن، دیاری ئەکرد. ئەوسا تایپیست بە کلیلێکی تایبەت کاغەزەکەی با ئەدایەوە بۆ دواوە و هەڵەکانی چاک ئەکرد، واتە لەسەر نووسینەکەی پێشوو ئەینووسیەوە و کاغەزەکەی بائەدا تا شوێنێکی سپی و پاشی ئەوەی کە دەستی ئەنا بە کلیلی پرینتدا، خڕ، خڕ، خڕ... هەموو دەقەکە سەرلەنوێ لەسەر کاغەزی رۆڵە و بەبێ هەڵە چاپ ئەکرا و ئەهاتە دەرەوە، کە پارچە پارچە ئەمانبڕی و مونتاژمان ئەکرد.

جا چیرۆکی ئەو خڕەخڕەی باسم کرد: بۆ یەکەمجار و بە پێچەوانەی تایپ رایتەرەکانی تر کە هەر پیتە و بە نووکی تەلێکی درێژەوە کرابوو و کاتی تایپکردن بەرز ئەبوویەوە و دەنووکی ئەدا بەسەر کاغەزەکەدا و تەقەیەکی نەرمی لێوەئەهات، ئەم دوو تایپ رایتەرە پیتەکانی لەسەر تۆپێک دانرابوو و، کاتی نووسین و سووڕانی گۆکە خڕەخڕێکی زۆر خۆش و سووکی لێوە ئەهات. دانانی پیتەکان لەسەر ئەو تۆپە وای کردبوو بە ئاسانی تۆپەکە ئەگۆڕا و با بڵێین فۆنتی جۆراوجۆر و "بۆڵد و پلەین و ئیتالیک"یشی هەبوو. ئەم



"خڕۆکە پیرۆزە"ی لە داهینانە گرنگەکانی سەردەمی خۆی بوو و خزمەتێکی باشی مرۆڤایەتی کرد، پاش گشتگیر بوونی کەمپیوتر، کرا بە گوارەی گوێی کیژۆڵەی شۆخ و شەنگ!




کاتی کڕینی چاپخانە لە تاران، چەند دانەیەک لە هەر دوو جۆری ئەم تایپانەشمان کڕی و کە دەستمان کرد بەکارکردن بۆم دەرکەوت بە ئاسانی ئەتوانرێ بکرێ بە کوردی و بۆ نووسینی کوردی سازگار بکرێ. لە ماوەی مانگێکدا لە هەمان ساڵی ١٩٧٩دا، تەختە کلیلی کوردی و گۆی پیتەکانم داڕێژا و دەسبەجێ چوومەوە بۆ تاران بۆ لای کومپانیای IBM. پێشنیارەکەم پیشان دان و داوام کرد "گۆ"مان بۆ دروست بکەن چونکە ئەتوانین هەمان تەختە کلیل بەکار بهێنین و شوێنی کلیلە کوردییەکان خۆمان دیاری ئەکەین. ڕەنگە پاشتر ئەگەر هەلومەرج باش بوو، تایپ رایتەریش بدەین بە دروستکردن. ئەوان داوای ٥٠٠،٠٠٠ هەزار تمەنیان کرد بۆ دروستکردنی "پرۆتۆتایپ" و وتیان ئێمە یەکدانە دروست ئەکەین و لە داهاتوودا هەرچەند دانەی لێ بفرۆشرێ ٥٪ لە داهاتی ساڵانەی ئەدەن بە ئێمە.

یەکەم، ئەگەرچی ئەو ٥٠٠،٠٠٠ تمەنە زۆر بوو و بیست سی دەفتەری ئێستەی ئەکرد، بەڵام پارەمان هەبوو و بە چەندین قاتیش هەمان بوو... کوردی دڵسۆزی وا هەبوو هەموو مانگێک ئوتۆمۆبیلێکی پەیکانی لە تارانەوە بۆ ئەناردین وەکوو ئەندامانە و لەمانەش زیاتر... هەرچەن یەک دوو جاری تریش هاتوچۆی تارانمان کرد، بەڵام ئەوکارە کاتی ئەویست و هەلومەرج دەرەتانی ئەوەی بۆ نەڕەخساندین پرۆسەکە بگەیەنینە ئەنجام. چونکە هەم IBM ئەوەی بەسەر هات کە لە کوەیتیش بەسەریان هێنا، هەم شارەکانی ئێمەش تۆپباران و بومباران کرا، چاپخانە دەستی بەسەرا گیرا و درا بە خاهەرانی زەینەب و نازانم برادەرانی چی!...

کە وابوو باسی عەرەبی و فارسیەکە ئەکەین.

فارسەکان وادیارە بە بێ بیرلێکردنەوە ڕەدوو کەوتوون. بەڵام عەرەبەکە، بەتایبەتی



ئەگەر میسری بووبێتن و ڕەنگە مەسیحیش بوبێتن وا پێئەچێ بیریان لەوە کردبێتەوە کە پیتەکان لەکوێ دابنێن بۆ نووسینی عەرەبی باشترە و خێراتر ئەنووسێ. ئەوەتا (ک، م، ن، ت، ا، ل، ب، ی، س، ش)یان لە ڕیزی ناوەڕاست و لەبەردەستدا داناوە و ئەوانی تریشیان بە گوێرەی بۆچوونی خۆیان دابەش کردووە. ئەم تەختەکلیلە، باش یان خراپ، لەسەر بناغەیەکی زانستی داڕێژراوە یان هەڕەمەکی سازکراوە، لەناو عەرەبدا جێی خۆی کردۆتەوە و فارس و ئەفغانیش کەم تا کورتێک هەر بەو شێوە بەکاری ئەهێنن.

ئەو کوردەی سیانزە چواردە ملوێنی بەدەست مەلاوە گیری خواردووە و چوار پێنج ملوێنی ترسی عەرەب هێشتا لە دڵیایەتی، دیارە لە کاتی نووسیندا عەرەبی و فارسیش هەر ئەکەوێتە ناو نووسینەکەیەوە و پێویستی بە بە پیتەکانی تریش ئەبێ. یا ڕەنگە بیەوێ بە عەرەبی و فارسی بنووسێ. چونکە خۆ ئێمە عەرەب و فارس نین لەداخا وای دروست بکەین کە کورد نەتوانێ سوودی لێوەرگرێ!

ئەم خاڵەیان با لێرەدا بوەستێ تا دێینەوە سەری.




بەڵام ئایە ئەو تەختەکلیل و ئەو شێواز و داڕشتنە بۆ زمانی کوردی ئەشێ و ئەبێ ئێمەش پەیڕەوی بکەین یان نا؟

تەختەکلیل عەلی هەمان تەختەکلیلە عەرەبیەکەیە، بەڵام پیتە کوردییەکانی هەندێ لە سەرەوە و هەندێ لەبنەوە داناوە. بەتایبەت (ێ، ڵ، ڕ) کە ئەزانین ڕێژەی بەکاهێنانیان زۆرە. واتە کاتی نووسین ئەبێ (شیفت) بگرین. ئەم تەختەکلیلە ئیتر عەرەبی و فارسی پێنانووسرێ.

تەختەکلیلێکی تر هەیە وا دیارە لەلایەن کەسانێکەوە دانراوە کە هەر نەبێ بیرێکیان لێکردۆتەوە و هەندێ لایەنیان لەگەڵ دۆخ و دارەتی ئەمڕۆی تکنۆلۆژی و ژیانی کەمپیوتەریدا لێکداوەتەوە و گرنگترینیان ئەوەیە کە لای خۆیان وتوویانە: "خۆ کفر نابێ ئەگەر ئەم تاقە دانەیان لاسایی عەرەب و فارسمان نەکردبێتەوە!" واتە ئەوەندە لە خۆیان رابینیوە کە بڵێن ئێمەش هەین.

ئەم تەختەکلیلە لە لایەن کورد



ئایتیگرووپ KurdItGroup کە رەنگە بەخزمەتترین گرووپ بن، لە سەرەتای ئەم سەدەدا دانراوە و لەسەر بناغەی تەختەکلیلی لاتینیە. دیارە هەرچەند ئەمڕۆ زۆرێکی زۆر خۆمان بە تیپی ئارامیەوە خەریک ئەکەین، بەڵام ئەوەش ئەزانین زیاتر لە پەنجا و تا شەست لە سەدی نەتەوەکەمان بە تیپی لاتینی ئەنووسن و لەوەش دڵنیام ئەگەر رۆژێک لە رۆژان هووشی مینێکمان لێ هەڵکەوێ یان ئاتاتوورکێک لە ئاڵبانیاوە بێ بە هاوارمانەوە، لە کوردستانیش تیپی لاتینی ئەبێ بە تیپی نووسینی فەرمی.

وەک وتمان ئەگەڕێنەوە سەری، ئەم تەختەکلیلە ئەو کێماسیەی تەختەکلیلی عەلی نییە و ئەتوانی بە عەرەبی و فارسیش پێی بنووسرێ.

هەموومان ئەزانین ئەو کەمپیوتەرەی بەکاری ئەهێنین لە هەرکەس و لە هەرکوێی بکڕین تیپی لاتینی لەسەرە و شەو و رۆژ لە گووگڵ و فەیسبووک و تویتر و کوێ و کوێ پێی ئەنووسین. واتە بەبێ ئەوەی بە خۆمان زانیبێ لەگەڵ تەختەکلیلی Qwerty راهاتووین؛ هەرچەند ئەویش زۆر لەسەر بناغەیەکی زانستی دانەنراوە، بەڵام نزیکەی تێکڕای ئەو کەمپیوتەرانەی لە بازاڕەکانی ئێمەدا هەیە هەمان Qwerty ئینگلیزییە ئەگەرچی زۆربەشیان لە چین دروستکرابێ. واتە ئەگەر چوار نامەمان نووسیبێ ئەوا شوێنی پیتەکان ئەناسینەوە. جا ئەگەر بێت و هەمان ئەو پیتانە و ئەو دزاین و Layout ە بۆ نووسینی کوردیش بەکار بهێنین ئەوا لە نووسیندا زۆر خێراتر ئەبین. واتە بۆچوونەکەی کورد ئایتیگرووپ زۆر باشتر و لەبارەترە.

<u>بەڵام ئەمیش چاکتر ئەکرێ و خێراتریش ئەکرێ. چۆن؟</u>

یەکێک لە دیاردە گرنگەکانی نووسینی کوردی ئەو بزوێنانەیە کە نیشانە یان پیتی بۆ دانراوە. وەکوو (ە، ـە) و (ێ) و (ۆ) یان ئەو پیتانەی کە لە تیپی لاتینی زیاترمان هەیە و لەمەیاندا لەقەز لە تیپی لاتینی دەوڵەمەنترین کە لە بنەوە دانراون و ئەبێ (شیفت)ی بۆ بگرین.

شیفت گرتن لەکاتی نووسیندا زۆر ناخۆشە و جگە لەوەی کات ئەبا، کار ئەبا، بڕێکی باشیش هەستی مرۆڤ بەخۆیەوە خەریک ئەکا و مێشکی ماندوو ئەکات و ئەبێ بیری هەر لەلای ئەوە بێ کەی پەلاماری شیفت بدا؛ کە ئەگەر ئەو کردەی شیفت گرتنە نەمێنێ بڕێکی باش لە زۆر رووەوە کارەکەمان سووکتر و ئاسانتر ئەبێ و رەنگە ئەوانەی کە کاریان نووسینە لەسەر کەمپیوتەر، جا لە هەر بوارێکدا کە کار ئەکەن، زۆر ئاسانتر بتوانن بیریان لەسەر کارەکەیان چڕبکەنەوە تا شیفت گرتن و

ڕەنگە هەر ئەوەش وایان لێبکا زیاتر حەز لە کارەکەیان بکەن.

لە تەختەکلیلی کورد ئایتیگرووپ (ۆ) و (ە) کێشەی نەماوە بەڵام وەک ئەزانین (ێ) و (چ، ڵ، ڕ، ش، ع.غ) و بۆ نووسینیان ئەبێ هەزاران جار شیفت بگرین. ئەمانە و چەندین پیتی تریش کەوتوونەتە بنەوە، کە سەرجەم ٩ پیتن.

با هەژمارێک بکەین و بزانین چۆن دەر ئەچێ و ئەم خاڵەی باسمان چەندە راستە.

ئەگەر بڕوانینە تەختەکلیلی کوردی، کورد ئایتیگرووپ (وێنەی ژمارە ١)، بۆمان دەرئەکەوێ ٩ پیت لە بنەوەیە و ئەگەر (وو) رەچاو نەکەین ٨ پیت. من دەقێکی ١٠٠ لاپەڕەیی A5 م لە چیرۆکێک هەڵبژاردووە کە:

٢٧٢٧ دێڕ و

٢٠٢٩٩ وشە و

١١٨٣٦٨ پیتە

بۆ تایپ کردنی ئەو دەقە ئەبێ:

٢٤١ جار شیفت بگرین بۆ نووسینی ڕ

٩٣٩ جار شیفت بگرین بۆ نووسینی چ

٢٩٩٥ جار شیفت بگرین بۆ نووسینی ێ

١٧٧٢ جار شیفت بگرین بۆ نووسینی ڵ

١٣٤ جار شیفت بگرین بۆ نووسینی ع

٩٧ جار شیفت بگرین بۆ نووسینی غ

١٧٥٨ جار شیفت بگرین بۆ نووسینی ش

٥٠٤ جار بۆ نەلکێن NJ

لە کۆی ئەو ١٠٠ لاپەڕەیەدا ئەبێ ٨٤٤٠ جار شیفت بگرین، واتە کردەیەکی دوو بەشی ئەنجام بدەین. شیفت رابگرین و پەنجە بنێین بە (ێ) یا (ڵ) یا... تاد. سەبارەت بەوەی کە ٩٥٪ی ئەوانەی تایپ ئەکەین، چون تایپیستی پیشەیی نین، دیارە هەر بە "دوو پەنجەکە" تایپ ئەکەین و کاتی تایپکردن بۆ ئەوەی پەنجە بنێن بە کلیلی شیفتدا ئەبێ سەرێک بجووڵێنین و سەیرێکی کلیلی شیفت بکەین، بزانین هەوە یان نا! کە واتە ئەگەر سەرلەقاندن و بەچاو نورینیشی لێ زیاد بکەین ئەوا ٨٤٤٠ کردەی چوار بەشی



ئەنجام ئەدەین.


بۆ نەهێشتنی ئەم کێماسیە من لەسەر بناغەی تەختەکلیلی لاتینی، بە شێوەیەک پیتەکانم داناوە کە پێویستمان بە شیفت نامێنێ. ئەگەر سەرنجی وێنەی ژمارە (٢) واتە تەختەکلیلی کوردی خێرا بدەین دەرئەکەوێ بۆ بەرینکردنی تەختەکلیلەکە ئەو پیتانەم بەکار هێناوە کە زۆربەی وڵاتانی ئورووپایی وەکوو نەرویج و سوید و سپانیا و پورتوگی و تادوایی، بۆ پیتە تایبەتەکانی زمانی خۆیان بەکاریان هێناوە.

دیارە وەک باسم کرد ئەمە قورساییەکی زۆرە و ڕێژەکەی رەنگە ئەکاتە ٧،١٤٪ بەڵام من داوام لە سێ هاوڕێ کرد لەم بوارەدا یارمەتیم بدەن تاقی بکەینەوە. دەقێکی دە لاپەڕەییم دا بە هەرکامیان و داوام لێکردن بە تەختەکلیلی کورد ئایتیگرووپ تایپی بکەن کە دەمێکە بوو کاریان پێ ئەکرد و لەگەڵی ڕاهاتبوون. لایان وەستام و کاتم بۆ گرتن.

پاشان تەختەکلیلی کوردی خێرام دانێ و پاش تەنها یەک رۆژ راهێنان دەستیان کرد بە تایپکردن بە تەختەکلیلە تازەکە. ئەنجامەکە بەو جۆرە بوو کە نەک ٧٪ بەڵکوو یەکەمیان بەڕێژەی ١١٪ و دوومیان بە ڕێژەی ٢١٪ و سێیەمی ٢٤٪ خێراتر دەقەکەیان تایپ کرد. کە ئەگەر لەگەڵی رابێن لەوە خێراتریش ئەبن.

لێرەدا تەنها خێراییەکە گرنگ نەبوو، بەڵکوو هەستی ئەو هاوڕێیانە بوو کە ئەیانوت هەست ئەکەین تایپکردن بەم شێوەیە زۆر ئاسانترە و شیفت وەکوو ئەوە وایە هەر نەبووبێ و هەرچەند جارجارە دەستمان ئەچوو بۆلای کلیلی شیفت، بەڵام بیرمان ئەکەوتەوە کە پێویستمان پێی نییە.

ئەوانەی بە کەمپیوتەر ئەنووسن مەرج نییە تەنها ئەوانە بن کە کاریان تایپکردنە،



بەڵکوو ڕۆژنامەوان و لێکۆڵەر و نووسەر و شاعر و زۆر کەسی پسپۆڕ ڕاستەوخۆ بە کەمپیوتەر ئەنووسن و کار لەسەر پڕۆژەکانیان ئەکەن و...

بەکورتی، چ بە زمانی کوردی و چ بە عەرەبی و فارسی و چ بە زمانە ئورووپاییەکان بنووسین، تەنها یەک تەختەکلیل و یەک نەخشەی پیتەکان بەکار ئەهێنین لەگەڵ ئەو چەند پیتە تایبەتیەی لە هەرکام لەو زمانانە هەیانە.

هەرچی چۆن بێ ئەگەر بڕوانینە وێنەی ژمارە ٣، بۆمان دەرئەکەوێ زۆربەی وڵاتە ئوورووپاییەکان هەمان ئەو کارەیان کردووە کە من بۆ زمانی کوردی پێشنیاری ئەکەم. واتە زۆربەی ئورووپا بە ڕۆژهەڵاتیشیەوە، کە سەردەمایەکی باش لەبن ڕکێفی ڕیڤیژنیزمی ڕووسیدا ئەیاناڵاند، ڕوویان کردۆتە لاتینیەکە و، بەشی لای ڕاستی کیبۆردەکەیان بۆ نیشانە تایبەتەکانی زمانی خۆیان داناوە. هەرچەند بۆخۆم ئانارشیستم و باوەڕم بە دیموکراسی نییە، چونکە پێموایە ئەگەر بتەوێ کارت بچێتە پێش، ئەبێ یان کەڵەگابی یان پارە و واستەت هەبێ. بەڵام ئەگەر بێت و بەپێی دیموکراسی لێی بڕوانین بۆمان دەرئەکەوێ شێوازە لاتینیەکە لەدرێژخایەن‌دا بەرەگەی ئاسۆی ڕوونترە.

داواکاریی:

کە باسی بەرپرسان کرا و وترا هیچ نەخشە و پلانێکیان نییە؛ وایە و لە بواری پیشەسازی و تکنۆلۆژی‌دا بەڕاستی وایە، نەخوازە ئەوانەی کە ئەیانەوێ زەمینەکانی کوردستانی سەربەخۆ بەدی بهێنن لە قسە زیاتر هیچیان نەکردووە و هیچیان دیار نییە. کوردستان بووە بە بازاڕێکی بڕانەوەی کاڵای چۆنێتی نزمی بێگانە و... چی ئەبوو ئەگەر داوایان لە مایکرۆسافت بکردایەت کوردیش وەکوو مرۆڤ سەیر بکەن و کۆدێک بۆ زمانی کوردی دابنێن؛ کە هیچیشی تێناچێ، تۆزقاڵێک هیممەت نەبێ.

سامیەکانی نەرویج و سوید و فینلاند کە ژمارەیان ١٦٠ هەزارە و هەر هەموویان لە ئوردووگایەکی زۆرەملێی سەردەمی بەعس‌دا جیگەیان ئەبوویەوە. ئەمانە کە لە سێ وڵات ئەژین، سێ کۆدی زمانی تیبەتیان هەیە و هەرکامیشیان سەربەخۆیە و هیچکام لەو تەختەکلیلانە ملکەچی ئەویتریان نییە و هیچکامیشیان ملکەچی نەرویجی و سویدی و فینلاندییەکە نین و وەک وڵاتی سەربەخۆ یان هەر نەبێ وەکوو نەتەوەی سەربەخۆ حسابیان بۆ کراوە و وەک زمانی کوردی نین کە تا ئێستەش ملکەچی ئەو عەرەبیەیە بە قەتەریشیەوە کە سێ قنچک و لەتێکن... بەڵام هەر هەموو ئەو عەرەبانە، کەم بن یا زۆر بن خۆیان سەلماندووە یان با بڵێین سەپاندووە. کەچی کە دێتە سەر کورد با حکوومەتی فیدراڵی عیراق بڵێ تەنها یەک هەنگاوی لەپێناوی کورددا هەڵگرتووە یان ڕۆژێک لە ڕۆژان بیری لێکردۆتەوە؟! ئەوەی کە کورد خۆی کردوویەتی و لەلای من هیچ نییە لەلای داگیرکەر هێندە زۆرە،

هەموویانی تۆقاندووە، چ بگا بەوەی شتمان بۆ بکەن. ئەڵێن تورکیە تا ئێستەش ناهێڵێ هێلکەی پیتاندن لە ڕێگەی تورکیەوە بێتە کوردستان.

چی ئەبوو ئەگەر گرووپێک لە پسۆڕانی کورد، کە بە هەزارانیان لە ناوخۆ و هەندەران ئاوات بەوە ئەخوازن، دیاری بکرایەت بۆ هاوکاریکردنی هەماهەنگ لەگەڵ مایکرۆسافت و ڕاپەڕاندنی ئەرکەکە... چی ئەبوو ئەگەر گرووپێک لە پسپۆڕانی کەمپیوتەر و زمانەوانی دیاری بکرایەت و داوا لە گووگڵ بکرایەت زمانی کوردیش بخەنە ناو فەرهەنگەکەی گووگڵەوە کە بەو خێرایی پێشکەوتنەوە پێوەی دیارە، ئەبێ بە یەکەم فەرهەنگ و وەرگێڕی ئانلاین لە جیهاندا. هەچەن بە سەدان کەس لە هەندەران بەو ئەرکەوە خەریکن و نەبوونی پشتگیری بەرە بەرە پشتیان سارد ئەکاتەوە. ئەگەر بێت و بەرپرسان بیانەوێ بەکاری پیرۆزی لەم بابەتە هەڵسن، ئەتوانن لەلاوە و وەها بە خشکەیی بیکەن هیچ دوژمن و داگیرکەرێک پێنەزانێ و نەتوانێ یەخەیان پێبگرێ و بڵێ: بۆچی واتکرد! پڕۆژەی وا ڕێگە لە هیچکام لەو کارانە ناگرێ کە ئێستە ئەیکەن، ئەوەندە نەبێ ئەیانکا بە سەمبول و هێما لە مێژووی داهاتووی نەتەوەکەمان و لەلای نەوەکانی داهاتوومان!

ئەمانە ڕەنگە بەڕواڵەت شتی سادە و ساکار بن، بەڵام ئەم خاڵانە خاڵی وەرگێڕان و خاڵی بنەڕەتین. ڕەنگە هەندێ پێم پێبکەنن ئەگەر بڵێم خاڵی لەم بابەتە زەمینەکانی لەدایکبوونی کوردستانی سەربەخۆن؛ بەڵام داهاتوو ئەوە ئەسەلمێنێ. بەهیوای ئەو داهاتووە.

لە کۆتاییدا با بڵێین ئەو تەختەکلیلە بەخۆڕاییە و هەموو کەس ئەتوانێ دایبەزێنێ و بەکاری بهێنێ. زۆر سازگارە و بەئاسانی دائەمەزرێ. هیچ کێشەیەک لەگەڵ تەختەکلیلیتر درووست ناکا و بەجوانی لەسەر ویندەوزی ٧ی ٣٢ و ٦٤ کار ئەکات و لەسەر دەیان کەمپیوتەر تاقی کراوەتەوە. ئەمەش لێنکەکەی:

https://sites.google.com/site/fastkeyboardkurdish/

بەو هیوایەی ئەم بابەتە ببێتە هۆی مشتومڕێکی خولقێنەر...

